کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیه
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 10-9-2007 1:57

## دەرکەوتنی ئوسامەبن لادن لەم کاتەدا بۆچی؟؟!! مافپەروەر – هەڵکەوت جەمیل

دواین دەرکەوتنی ئوسامە بن لادن لە کاسێتێکی نوێ بووە بابەتی ڕاگەیاندکان و جێگای ووتووێژ و



لێکۆلینەوە، ئەوەی دەرئەکەوێت لەم کاسێتەدا بن لادن نزیکبونەوەی لە 11ی سێپتێمبەر بەهەل دەقۆزێتەوە تا پەیامێکی چەند لایەنە ئاراستەی ڕۆژئاوابکات،

وەك شیکردنەوەیەك بۆ قسەکانی بن لادن کە لە کاسێتەکە باسی لێوە ئەکات هۆکاری چاکیان هەیە بۆ ئەوەی نەیارانی نیگەران بن، بن لادن دەیویست لە ڕێگەی قسەکانی باس لە ئەوە بکات کە یەك دەنگیەکی جیهانی کۆکردۆتەوە دژی ئەمریکا، وە باس لە بەرقەرانەبوونی دیموکراتی بکەنە هۆیەك بۆ دەرچونی ئەمریکا لەئیراق، بەلام لەرووی هونەریەوە بن لادن هەڵەیەکی گەورەی کردوە و ئاشکرایە بەوەی کە ریشێکی دەستکردی بۆخۆی داناوە، ئەوە ڕەش وسپیاتەی کە پێش چەند سالێك هەی بوو بەشێوەی سەیر دیار نەماوە ئەو دەرچوونە یان ئەوەتە دەری دەخات کە ئەقلی لە دەست دابێت یان بووەتە بە شێك لە کاری پرووپاگەندەی

ئەوەی کە لە دواین کاسێتی دەرئەکەوییێت کە بن لادن دلخۆش و ڕازی نەبێت لەم کارانەی کردوویەتی لەشەش سالەی دوای 11ی سێپتێمبەر، چۆن ئەو ئەتوانێ خۆ بە بەرپرس نەزانێت لە کوشتنی زیاتر لە 10000 هەزار مووسلمان کە هەمویان ئیمان داربوون وبێ تاوان بوون لە هەر کارێك دژی ئیسلام، ئەگەر ویستبێتی یان نا بن لادن بەرپرسە لە تێکدانی ئیراق وە دەربەدەربوونی ملیۆنەك ئیراقی، بنلادن لە سعودیاش سەرنەکەوتوو لەبەر ئەوەی خێزانی مەلکی سعودی تاوەکو ئێست لە سەر کارە کە بەردەوامە لە دەرەوەی بوونی ڕێکخراوی قاعدە، بن لادن نەی توانی سعودیا بکاتە بە خەلافتێکی ئیسلامی، سعودیا ئێستاکە لەوە دورترە لە خەلافەتی ئیسلامی لەوەی پێش 11ی سێپتێمبەر، وە ئیراقیەکان بۆ چوونیان سەبارەت بە حوکمێکی ڕادیکالی ئیسلامی خەونێکە زیاتر لەوەی کە لە ڕاستی نزیك بێت، هەمان بۆچوون هەیە سەبارەت بە هەموو ڕۆژهەلاتی ناوەراست، هەموو سیستەمەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست بەبێ جیاوازی لە پاکستان تاوەکو مۆراکۆ زیاتر چەوساوەو و دواکەوتوون لە هەموو رویێکەوە لەوەی پێش 11ی سێپتێمبەر، زیاتر لەسەر ئەوە ڕشتن بۆ لەناو بردنی ئەو ئیسلامیەتیە توند ڕەویەی کە ئەو داوای دەکات، 11ی سێپتێمبەر نەبووە دەرسێك بۆ ڕاگرتنی یارمەتی و پشتگیری کردنی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل بە لکو بە پێچەوانە زۆر زیادیشی کردووە، وە بەهامان شێوە ئەمریکا ئامادەیە بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ لە ڕۆژ هەلاتی ناوەراست

هیچ گومانی تیا نیە کە بن لادن ئەتوانی کارە تیرۆرستیەکانی زیاد بکات کاری گەورە ئەنجام بدات وەك ئەوکارە قێزەوە نانەی کە لە ئیراق روو ئەدەن وەك تەقاندنەوەی تیوبی لە لەندن و هێرش کردن بۆ شوێنێك یان ڕێگایەکی گشتی، خۆکوژەکان لە ڕێگای بن لادنەوە هەل ئەستن بە کرینی تەقەمەنی پێداوستی خۆتەقاندنەوە بۆ دروست کردن و ئامادەکردنی خۆکژی بۆمب ڕێژکراو، وەهەروەها بەلگی ئاینی دروست کردووە بۆ بەهانە بۆ ئەنجام دانی ئەم جۆرە کارە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 1:57 10-9-2007

بن لادن دەبێ ئەوە باش بزانێت کە ئەو بووتە هۆی ناسندنی ئیسلام بە شێوەیەکی زۆر ناشرین بەروو جیهان ئیسلام ئەو دینە پاکەی کە بۆ چاك کردن و بەرەوپێش چوونی ئادەمیزاد هاتووەتەوە خوارەوە ئەمرۆکە پێناسەیەکی تری بۆ درووست بووە کە ئیراهاب و ترۆرستە ئەو کارانەی کە بن لادن ئەنجامی ئەدات هەموو دونیا پە راستی نازانن بە کارێکی دوورلە مرۆڤایەتی و ئیسلامی دا ئەنێت، تاوەکو ئێستا کارەکانی بن لادن تەنها لە بەرژەوەندی ئەمریکا بووە لەبەر ئەوەی بن لادن ئاینی ئیسلامی بە تیرۆر ناساندووە لەهەموو جیهان لەبەر ئەوەی تاوەکو ئێستا تەنها ئەوان لە ژێر پەردەی ئیسلام تیرۆر ئەکەن هەموو کارێکیشیان لە بەرژەوەندی ئەمریکایە بۆ نموونە ئەمریکا هەرولاتێك بیەوێت داگیری ئەکات بە بیانووی لە ناو بردنی تیرۆر ئینجا بۆ بن لادن دژی ئەمریکایە بن لادن دژی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە لە بەرژەوەندی ئەمریکایە

وە هەروەها کارەکانی ئەو لە ئەوروپا بۆ نمونە ئەو کارە سەرنەکەوتووەی لە ئەلمانیا، بووە هۆی لادانی توورەبوون و نارەزایی ئەوروپیەکان سەبارەت بە بەندیخانەی نهێنی وە گۆنتانامۆ، جارێکی تر ئەوروپا دەچێتەوە پال ئەمریکا لە جەنگ دژی قاعدە، مێژوو ئاینی ئسلام ئوسامە بن وەك موسلمانێکی خەراپ داناسێنێت لە ئاینی ئیسلام سەرکردە دەبێت هەموو توانای خۆی بخاتە کار بۆ ئەوەی فتنە درووست نەبێت و، ڕێگە بگرت لە درووست نەبوونی شەری نێوان مووسلمانان بۆ نموونە لە ئیراق قاعدەی بن لادن بوەتە هۆکارێك بۆ درووست بوونی شەری نێوان سونە و شیعە کە بەبێ گومان لە بەرژەوەندی ئیدارەی بۆشە کە دەبێتە بیانوێك بۆ مانەوەی ئەمریکا لەئیراق، بمانەوێ یان نەمانەوەی هەرکاری تیرۆرستی کە لە نێو بازارەکانی ئیراق دەکرێت لەژێر سەری قاعیدەیە هەر لە کاری خۆکوژی و سەیارەی مین ڕێژ کراو بۆ راگرتنی ئەم کۆمەل کوژی و سەربرینەی موسلمانان، پێویستە بن لادن لە ئەشکەوتەکەی خۆی دانیشێت واز لە کوشتنی موسلمانان بهێنێت لە هەموو جیهان، تۆبەی یەك جارەکی بکات و داوایی لێبوردن لە هەموو موسلمانانی جیهان بکەت وە کە ئۆبالی هەموو شەهیدێکی دەستی تیرۆری لە ئەستۆیە بۆ ئەوەی چیتر موسلمان بە تیرۆرست پێناسەنەکرێت شانازی بە موسلمانیەتی خۆی بکات بەرگری لە ئیسلام بکات بە ئاشکرا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.